# شۆڕشێك دژ بە تەوەزەلیی بینەر

نووسینی: موئەیەد مە حمود(کاردۆ)
Kardo_van@yahoo.com

بەر لە ڕووخانی بەعس ووردتر بەر لە شەڕی یەکەمی کەنداو، واتە بەر لە ڕاپەڕینە جەماوەرییەکەی خەڵکی عێراق و کوردستان دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە تەواوی لەلایەن دەسەلاتەوە قۆرخ کرابوون.ئەو بەرهەمانەی کە لە تەلەفزیۆنەکانەوە بە بینەر نیشان دەدرا بچووکترین خەتەری بۆ دەسەڵات درووست نەدەکرد، بە مانایەکی تر دەسەڵات ئەو بەرهەمانەی ئیستیراد دەکرد و نیشانی بینەری دەدا کە نەدەبوو بە مایەی درووست بوونی پرسیار لەلای بینەر. سیاسەتی هێشتنەوەی بینەری عێراقی لە ئاستێکی ڕۆشەنبیری و مەعریفی نزمدا یەکێك بوو لەو ستراتیژانەی کە دەزگاکانی ڕاگەیاندن چالاکانە ئیشیان لەسەر دەکرد.دکتاتۆرەکان لەوێوە کە خەڵك هەڵی نەبژاردوون ،لە خەڵك دەترسن ،لەوێشەوە کە فیکری پێشکەوتوخواز ناکۆکە بە فیکری ئەوان ،هەموو جۆرە شەڕێکی لەگەڵدا دەکەن.ئەم سیاسەتەی بەعس وای کرد کە زۆر وورد بینانە بەرهەمە سینەمایی و تەلەفزیۆنییەکان ئیستیراد بکات.بە هۆی ئەوەی کە میسر تاکە وڵاتی عەرەبی بوو کە ساڵانە بازاڕی عەرەبی پڕ دەکرد لە بەرهەمی سینەمایی و تەلەفزیۆنی،وە لەوێوە کە ئەو بەرهەمانە هیچ ناکۆکییەکیان لەگەڵ ئەو ستراتیژەی بەعس نەبوو کە باسمان کرد ئەمە وای کرد کە بینەری عێراقیش ببێت بە یەکێك لە موستەهلیکە گەورەکانی ئەو بازاڕە. ئەو بەرهەمانەی کە نیشان دەدران پێشتر لە موختەبەری بەعسدا سکانی ڤایرۆسی بۆ دەکرا نەبادا لە ڕووی فیکرییەوە بینەر تووشی نەخۆشی بیرکردنەوە بکات.لە کۆی ئەو هەموو شانۆگەرییانەی کە هەندێکیان دیمەن بە دیمەن و ڕستە بە ڕستەی دایەلۆگەکانی لەلایەن بینەرانەوە دەرخ کرابوون تەنها شانۆگەری (الزعیم) بە بینەر نیشان نە دەدرا.لە کاتێکدا کە بەرهەمە سورییەکان بە تایبەتی بەرهەمەکانی غەوار هەفتەی چەند جارێك دەبووە میوانی ماڵان ،کەچی شانۆگەری (کاسك یا وطن ) دەبوایە قاچاخچیەکانیش لە هێنانی بە حەزەر بن ،چونکە گرتنی قاچاخچیەك بە بارەوە حوکمەکەی زۆر سوکتر بوو لە گرتنی کاسێتێکی ئەو شانۆگەرییە.لە ئاوها زروفێکدا بینەر تووشی ئیدمان ببوو لەسەر بینینی ئەو فلیم و بەرهەمە تەلەفزیۆنیە میسریانەی  کە بەشێك لە دەبەنگی بینەری ئەمڕۆشی دەکەوێتە ئەستۆ.یەکێك لە گرفتە هەرە بەرچاوەکانی فلیمی میسری سادەیی بوو لە دەربڕینی بابەتەکان .ئەو فلیمانە حیکایەتێك بوون وێنەیان گیرابوو ،سەرەتاو ناوەڕاست و کۆتاییەکەشی هەر وەکو حیکایەتەکان دەستیان پێ دەکرد و وەکو حیکایەتەکانیش تەواو دەبوون.لە زۆربەی فلیمەکاندا گەورەترین پرسیار کە لەلای بینەر درووست دەبوو لە چەشنی ئەم پرسیارانە بوو،تۆ بڵێیت کچەکە بۆ کوڕەکە بێت؟ تۆ بڵێیت بکوژەکە بدۆزرێتەوە؟یان بکوژەکە فلانە کارەکتەر بێت؟تۆ بڵێیت پاڵەوانی فلیمەکە بگات بەو دەرنجامەی کە ئەیەوێت؟بە کورتی بینەر بە شوێنی ئەوەوە نەبوو کارەکتەرەکان چۆن مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکاندا دەکەن،چۆن هەڵوێست دەگرن،بەڵکو بە شوێن ئەوەوە بوو کە فلیمەکە چۆن کۆتایی پێ دێت.بۆ بینەر ئەو لوغزەی کۆتایی گرنگ بوو،دەرهێنەرەکانیش تەنها ئیشیان لەسەر ئەو خاڵە دەکرد.بەم پێیە ئەو بابەتانەی کە فلیمە میسرییەکان خۆیان لێدەدا ئەو بابەتانە بوون کە کۆمەڵگای میسری دەرگیریان بوو ،بەڵام قوڵ نەبوونەوە لە مەوداکانی و دەربڕینیان بە ساویلکەیی و بە ئاکام گەیاندنیان بە هەمان پلە لە ساویلکەیی ،دەیتوانی تەنها بینەرە تەوەزەلەکان ڕازی بکات کە زۆربەی زۆری تاکەکانی کۆمەڵگای دەگرتەوە.بۆ نموونە کاتێك گرفتی پاڵەوانی فلیمەکە دۆزینەوەی خانویەکە بۆ ئەوەی لەگەڵ دەزگیرانەکەیدا تیا بژین ، لێرەدا ساویلکەیی و سادەیی لەوەدایە تۆ سەرنجی بینەر بۆ دۆزینەوە و نە

دۆزینەوەی خانوەکە ڕاکێشی ،نەك ئەو هۆکارانەی کە دۆزینەوەی خانوەکە دەکەن بە گرفت ،یان ئەو کارکردە نەگەتیڤانەی کە ئەم گرفتە لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگا دایدەنێت و لە توانا داهێنەرەکانی کەم دەکاتەوە.
میسر تەنها وڵاتی عەرەبی بوو کە کە سینەما تیایدا ببوو بە پیشەسازی ،لێرەوە فلیمە میسرییەکانیش فلیمی توجاری بوون.،بەڵام بە هەمان تایبەتمەندی سینەمای جیهانی نەبوون.بۆ نموونە ئەو بودجە کەمەی کە بۆ فلیمێك دادەنرا زۆر لە ئاستی فلیمەکەی دەهێنایە خوار. لە ڕاستیدا خەرج کردنی پارەیەکی زیاتر لە پیشەسازی سینەمادا ،واتە بەدەست هێنانی داهاتێکی زیاتر ،بەڵام ئەم هاوکێشەیە لە دونیای عەرەبدا بە پێچەوانەوە دەکەوێتەوە ،ئەمیش دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی ڕۆشەنبیریی و مەعریفی بینەری ئەم سنورە جوگرافییە،کە پێدەچێت خەرج کردنی پارەیەکی زیاتر بازاڕ بە ئاستی ئەو خەرجییە خۆش نەکات.دواتر لە هەموو حاڵەتەکاندا بینەری ئەم فلیمانە بەدوای چیرۆکێکدا دەگەڕێن کە گرفتەکە و حەلی گرفتەکەش بە ئامادەیی بخاتە بەر دەستی .ئەم بینەرە تەمەڵ و تەوەزەلە نایەوێت دەرهێنەر لە دەریای خەیاڵ و لێکدانەوەدا نوقمی بکات ،گەڕان بەدوای وەڵامی پرسیارەکان بە ئیشی خۆی نازانێت،ئەمەش وا دەکات کە فلیمی میسری بە شێوازی خیتابی ڕاستەوخۆ و نەسیحەت ئامێز بابەتەکان بخاتە ڕوو ،کۆتاییەکانی ئەم فلیمانەش کۆتاییەکن لێکدانەوە هەڵناگرن و بینەر بە ئاسانی لێی تێدەگات .
کەواتە کە داهات تاکە مەبەستێك بێت کە فلیمێك تاقیی بکات ،ئەی بۆچی یاری بە سۆزی بینەر نەکرێت،بەڵکو زۆر جار یارییەکی زاڵمانە لەگەڵ غەریزەکانی بینەردا نەکرێت ،ئەمەیە کە وادەکات زۆربەی فلیمە میسرییەکان دیمەنی سەکسی و دیمەنی سەرنج ڕاکێش و شەڕی بێ بنەمای تیا بێت ،بێ ئەوەی هیچ وەزیفەیەك خرابێتە ئەستۆی ئەو دیمەنانەوە.
ئێستا بەعس نەماوە بینەری ئەمڕۆ ئیتر ناچار نییە تەنها لە بەردەم یەك دوو کەناڵی تەلەفزیۆنیدا کات بە خەرج بدات ، ئەمڕۆ سەتەلایت دەتوانێت بە هەموو دونیادا بمان گێڕێت ،ئەتوانێت لە هەموو فلیمەکاندا بمان کات بە بینەر ،بەڵام ئایا بە تەنها ئەمە بەسە بۆ گۆڕینی شێوازی بیرکردنەوەی بینەری ئێمە؟ ئایا بە تەنها ئەمە دەتوانێت تەمەڵی لە کۆڵی بینەری ئێمە بکاتەوە؟ ئەگەر هونەرمەندەکانمان نەتوانن ئاستی بینەرانی ئێمە تێپەڕێنن ،دەشێت بینەرانی ئێمە گۆڕانکاریان بە سەرا بێت؟ تا سینەمای ئێمە لاسایی کەرەوەی سینەمای میسری بێت ،دەتوانین ئەو گۆڕانکاریانە بەسەر بینەرا بێنین؟ ئەمانە کۆمەڵێك پرسیارن وەڵامدانەوەیان شۆڕشێکی دەوێت،شۆڕشێکی مەزن،شۆڕشێك لە بنچینەوە تێڕوانینی ئێمە بۆ سینەما بگۆڕێت .

موئەیەد مەحمود(کاردۆ)
2006-2-12